«پ□رت□و» غ□ریب□ک□ی ن□و ما□ی خ□ی.. د.ش□ما□ ئیسماعیل پوور

ب□ هاتن□ س□رکاری حکوم□تی پ□هل□وی ی□ک□م و دروست بوونی حکووم□ت□کی م□د□□ن ل□ ئ□راندا، ک□م□□گای سونن□تی ئ□ران ئا□وگ□□□کی بن□□□تی ب□س□ردا هات. جیا ل□ چ□ندین لای□نی پ□زتیقی ب□رچاو و □□شنبیران□، ب□داخ□و□ ب□ گ□لانی نافارسی ئ□رانی ک□م□□□ک ئاریش□ و ک□ش□ی تایب□تی زمانی و کلتووری ب□دیاری ه□نا. ل□ س□ر□تاکانی د□ی□ی ١٩٢٠ی زایینیدا حکووم□ت سیستم□کی س□قامگیری ه□م□لای□ن□ی پ□رو□رد□ی ب□ زمانی فارسی دام□زراند و پ□ر□ی زمانی ب□ فارسی دا و ک□□ک و□رگرتن ل□ زمان□کانی تری ب□ یاساغ ل□ ق□□□م دا. ب□ باش ب□□□و□ چوونی ئ□م سیاس□ت□ ک□م□□□ک کاری تایب□تیان کرد ک□ □□شنبیرانی ئ□وکات لایان وابوو ب□م کاران□ د□توانن ی□کیی□تی ن□ت□و□یی و ی□کپارچ□یی سیاسی و□ات د□ست□ب□ر بک□ن. ب□ لابردنی ه□موو جیاوازیی□کانی زمانی و کلتووری ق□□یان ل□ه□□ما□ی و دامود□زگای□کی م□عریفی تایب□تیان دام□زراند و مام□ستای ناخ□ ج□یی و فارسی زمانیان کرد□ مام□ستای قوتابیانی غ□یر□ فارس. ب□ دروستکردنی م□عریف□ی نو□ ک□سان□کی و□کوو ”□□شیدیاسمی” یان کرد□ پ□ش□نگی □□شنب□ری و گ□□انکاری، تا بتوانن ب□ پواز داری ب□ ه□زی زمان بق□□□ش□نن و ب□ سانایی زمانی فارسی بک□ن□ تاق□ زمانی سیستمی پ□رو□رد□ و ه□موو ئاخاوتن و نووسین□ ف□رمیی□کان. ه□ر ل□و سا□ان□دا پ□ر□ پ□دانی زمانی فارسی ل□ کرماشان حا□□ت□کی سیستماتیکی ب□ خ□ی□و□ گرت و دواتر ب□ دام□زراندنی □ادی□ و ت□ل□فزی□ن و سین□ما ئ□و زمان□ ب□ س□ر خ□□کی ناوچ□ک□دا س□پ□ندرا. ئ□و داس□پانی زمانی ی□، زمان□کی س□یر و س□م□ر□ی ب□ ناوی زمانی فارسی کرماشانی ل□ک□وت□و□. زمان□ک و□کوو چ□شتی مج□ور و ت□ک□□□ک ل□ یاسا زمانیی□کانی ه□ردوو زمانی کوردی و فارسی. ئ□م زمان□ د□سکرد□ ل□ □استیدا ن□ کوردی ی□ و ن□ فارسی. ب□م کار□ کرماشانی لان□ک□ی ئ□ساتیر و پا□□وان و م□□ب□ندی چاون□ترسی و ک□□□نووس□ران و گ□ور□شاری کوردان زمان غ□ریب د□ک□و□ و ه□مووشت□ک د□ب□ت□ فارسی. د□ردی س□رباری د□ردان، کرماشان پ□ د□ب□ ل□ بازرگانی ناکورد و زمانی کار و بازا□ و بازرگانیش ب□ کوردی نام□ن□ . ئ□م□ ل□ حا□□ت□کدای□ ک□ کرماشان پ□□ ل□ یارسان و جوول□ک□ و ف□ل□ و سونن□ و شیع□ و ه□رو□ها ل□ باری زمانی و زاراو□یی□و□ ، ناو□ند□ک□ ب□ زاراو□ کوردیی□کانی گ□رانی و ل□کی و ک□لهو□ی و …

یەکێک لە سیاسەتەکانی حکوومەتی پاشایەتی جیاوازی دروستکردن و ئاژاوە نانەوە لە نێوان دانیشتوانی کرماشان و دەوروبەریدا دەبێت.
لەم بارودۆخە ناسک و هەستیارەدا شاعیری مەزنی کورد پەرتەو کرماشانی لە دایک دەبێت و بەم ئازارانەوە بای باڵ ئەدات و لە نیو چینی خەڵکانی دژ بە سیاسەتی حکوومەتی پەهلەویدا پێدەگات و بە بەربەرەکانی خەڵکانی دەروەست و ئاوەژووکاری سیاسەتەکە، کەمێک شاعیر و نووسەر و هونەرمەند پێدەگەن و شێوەکی هزری و ئەدەبی و هونەری لە کرماشاندا وەدیدەخەن و پەرتەویش یەکێک لەم شۆڕەسوارانە دەبێت. خەباتی ئەم کەسانە بە زیندووڕاگرتنی زمانی کوردی بە هۆی چەند هۆکاری گەورەوە زۆر دژوار دەبێت کە ئاماژە بە چەندین خاڵیان دەکەین:
یەکەم، بە هۆی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و ئێراقەوە نائەمنی دروست دەبێت و ناهومێدی و ترس وشڵە و بۆمب و توپباران مەودای کار و چالاکی بە دەسەزان نادات و تەنانەت وێژەی زاڵی ناوچەکەش دەبێتە وێژەی بەرگری و شەڕ و حیماسەی بەرەوانی .
دووهەم ، دروست بوونی ئاڵۆژی ئایینزایی ڕۆشنبیران و نووسەران و خەمخۆران بە خۆیەوە خەریک دەکات و بە داخەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەپەژێنە سەرکاری زمانی و کلتووری و….
سێهەم : خۆمساردی ناسیونالیزمی کورد لە عاست کرماشان هۆیەکی تری ئاڵۆزی و بێ برنامە بوون و خۆمسارد بوون لە بەرانبەر زمان و کلتووری کوردیدا بوو تائەدەیەک کە کەسانێکی بێڕەواڵەت ئاکادێمیکی کورد ڕەوتەکەی ڕەشیدیاسمی یان دووپات کردەوە و بە کەیفی خۆیان تابووتیان بە زمانی کوردی دروست کرد و بە هیوا بوون ئاخر بزمارەکانی لێدەن و زمانی فارسی کرماشانییان زەق کردەوە و بە ئاشکرا گوتیان، تەنیا لادێ نشینەکان کوردن و خەڵکانی ئەسڵی شاری لە کرماشان خاوەنی ئەم فارسییەن. هەر ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە خەڵکانی ئەسڵی شاری پێیان شوورەیی بێت بە زمانی دایک و بابیان بدوێن و لە کوردی دوور بکەونەوە.
بەم پێودانگە پەرتەو کرماشانی دەبێتە هێمای مانەوەی زمانی کوردی بە زاراوەکانی گۆرانی و کەلهوڕی. پەرتەو بە ڕواڵەت و بە پێی فۆرمی شێعری کلاسیک نووسێ. بەڵام لە ڕاستیدا شێعرەکانی سەردەمیانە و تەواو نوێن و داغەی ئەمڕۆی کۆمەڵگایان بە کەڵکەوە ناوە. پەرتەو بێ ئەوەی سەر بە هیچ ڕەوتێکی کۆمەڵگا بێت، شارەزای هەمووشتێکی کۆمەڵگایە. بە پێی ئەو شارەزاییە و دەرکی ساتەوەختی هەستیاری کرماشان، شێعری کوردی دەنووسێ و شوناسێکی دووربارە بە شاعیرانی کرماشان دەداتەوە. پێش بە پەرەسەندنی ئەو سیخورمە گورچووبڕە دەگرێ کە نووسەرانی کوردی فارسی نووسی کرماشان لە گورچووی زمان و

کلتووری کوردییان دا. ئەو کەسانەی کە فۆلکلۆری کوردی و گێڕانەوەی کوردییان کردە فارسی و بە زمانی فارسی دەرخواردی خەڵکی خۆیان داوە. پەرتەو بە دڵنیاییەوە لەگەڵ زمانی کوردی تێکەڵ بووە و هەرئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بتوانێ ئاوا جوان و بەگرە و کوردانە بنووسێ.

نووسین و شێعری پەرتەو ڕەسەنە، چونکە خاوەنی پاشخانێکی دەوڵەمەندی کوردییە. خاوەنی ئەندێشەیەکی ساحێب جەسارەتە و وەکوو کێو لە بەرانبەر ئەندێشەی زاڵدا ڕادەوەستێ و بە دڵنیاییەوە سەردەکەوێ. یەکێک لە شاکارەکانی پەرتەو شێعری ئەرمەنییە. مەی و ئەرمەنی دوو هێمای تایبەتن کە پەرتەو شارەزایانە لەو شێعرەدا گونجاندوونی. بە شارەزایی خۆی سەر بە هیچ دینێک نیشان نادا و دەیەوێ بڵێ کرماشان گەورە شارێکی فرە دین و فرە ئایینیزایە و دەبێ هەموان بە ئاشتی و خۆشەویستییەوە پێکەوە بژین. لەم شێعرەدا ئەرمەنی هێمای کەسێکی شادیهێنەرە و شاعیر بە دەربازبوون لە خەمە قورسەکانی پەنای بۆ دەبا. ئەرمەنی دەبێتە کەسێکی بە لایەنی نیشتمان خۆشەویست کە هەموو بیر و بۆچوونەکان دەخاتە بن چەتری خۆیەوە . شاعیرلەم شێعرەدا بە وردی کۆمەڵگای کرماشان وێنا دەکات.کۆمەڵگایەکی لەسەر باڕووت خەوتوو ، ئەگەر یەکتری نەناسن و بەحورمەتەوە لە هەمبەر یەکدا نەجووڵێنەوە ، گڕکانێک شارەکە و ناوچەکە دەکاتە کەڵەوو. بەراشکاوی باس لە نائومێدییەکانی دەکات و ڕۆژ و شەوی وەکوو دوودانە دوالیزمی بەرچاوی کۆمەڵگای کوردی، وەکوو یەکە و بە پسانی جەرگی شەو پەنا بە مەی و ئەرمەنی دەبات. لە ماڵی خۆیدا خۆی بە بێخانمان دەزانێ و دژ بوونی خۆی لە هەمبەر زمانفرۆشان و بە شەناسان نیشان دەدات. بە ناڕەزایەتی دەربڕین لە سەر زاڵکردنی زمانی نەخوازراو بەسەر خەڵکی زمانپاراوی شارەکەیدا ئەم دێڕە شێعرە دەنووسێ و بە ئاشکرا دەڵێ : ئەگەر لە ماڵی خۆمدا و لەشاری خۆمدا بە زمانی خۆم نەدوێم ، غەریب و غەوارە و بێخانمانم. لە کۆتاییدا بڕوایەکی قووڵی بە کاری هونەری هەیە و دەچێتەوە خەڵوەتی خۆی و درێژە بە کارەکانی دەدات. کۆتا قسەم ئەوەیە کە پەرتەو تا زیندوو بوو پاڵەوانی پاراستنی زمانەکەی بوو و بە مردنیشی ئەدەبی کرماشان زیندوو بۆوە و جارێکی تر شوناسی ڕاستەقینەی خۆی پێناسە کردەوە. شێعرەکانی لە دووتوێی کتێبی«کوچە باغی ها» دا بە هیمەتی دوکتور موحەمەد عەلی سوڵتانی چاپ کراون و چاو و دڵی خوێنەری کوردی پێ ڕوون بۆتەوە. با لەگەڵ دەست خۆشی کردن لە دکتور سوڵتانی ئەم گلەییەشی لە خزمەتدا بکەین کە لە نووسینەوە و چاپی شێعرەکاندا ڕێنووسی کوردی ڕەچاو نەکردووە.

د.شماڵ ئیسماعیل پوور_سقز

سرچاوکان:

١- نوبتی – علی ئشرف – کوچ باغی ها – تاران – سها (١٣٨٩)

٢- وتاری(سیاست های زبانی پهلوی اول در کردستان و پیامدهای آن)- نووسران حسین سوو‌ی- زا دهقانی- علی رزا کریمی – گ‌قاری اطلاعات تاریخ فرهنگی، زستانی ١٣٩٥- ژماره ٣٠

تیک ل نوور.. شیعر/ کاو عوسمان

لم شو زنگ ئنگوستچاو
تیک ل نوور،،
برینکانت ککرو ئازیز
ک ئاگای ل پریشکی چاوی تی تی
ک ئاگای ل وخساری سرمابرودی ..
نو ئاونی ژ سرابیکانت،
برینکانت ککرو ئازیز،،
ت نازانت ک بوارک..
ل خزانی خمی دورتا،،
دی شختو ماندووی ب کاداو
ت نازانییت،،
ل پشت پرد شکانی..
دوگیک ل منفادا،،
چی حک یخسیری هاتنی..
پررشنگی خری چاوت،،
برینکانت ککرو ئازیز،،
کوا شوکان..
باکیان ب فرمسک ژاوکانی..
عاشق جست شقار شقارکانی..
ئو ورز دندانن،،

ن□ک ه□ر پووش و پ□□اشی ئ□قین□کی،،
دووریان سوتان،،
ئ□و□تا گ□رد□لوولی نام□یی و
و ک□شتیگ□لی و□□ و،،
س□رگ□ردانیی پشت ک□نار□کان،،
خ□ریک□ □□شایی چاو□کانیش ئ□ف□□ن□،،
برین□کانی □□حت ک□ک□ر□و□ ئازیز،
ت□ گ□ره□ند□ دود□ی ل□ ناعیشقی موسافر□ک،،
ک□ گو□□ ن□گز□ شین□کانی □□حی ب□ت کرد□،،
تاج□ پرشنگداری س□ر ن□وچ□وانت،،
ه□ر ئ□و موسافر□ ب□دار□ی..
ژ□ر مانگ□ ش□و□ زیوین□کان□،
ل□ نوری شیعر و..
ل□ سوتماکی..
کازیو□ی ش□ونخونی و ،،
ل□ پرژ□ بیر□و□ری□ ..
ب□س□رچو□ ن□گ□□او□کان،،
شاکاری ع□شقی ب□ت نوسیو□ ،،
برین□کانت ک□ک□ر□و□ ئازیز،،
بزان□ ه□ر ت□ی ل□ ئ□ند□ش□ی ..
گ□□ید□ی□کا،،
شازاد□ی ه□موو فریشت□کان،،
ه□ر ت□ی ف□رمان□□وای ..
ق□□ای ن□وان م□رگ و ژیان،،
ه□رت□ی م□شخ□□ی داگیرساوی..
ن□و تاریکی گومان

....
و□ن□ک□ کار□کی هون□ری ف□ت□گراف□ر
Jordan -Singh
ک□ ب□سوپاس□و□ ل□□ پ□یجی ف□رمی خ□ی و□رگیراو□

شێواز لە وێژەی منداڵاندا.. ڕەزا شوان

شێواز لە ئینگلیزیدا (ستایل) ە، ڕەگەزێکی سەرەکی و گرنگە لە وێژەی منداڵاندا. مەبەست لە شیواز بە جوانی داڕشتنی بابەتە وێژەییەکانی منداڵانە بە شێوەیەکی هونەری. شێواز و ناوەڕۆک وەکو دوو ڕەگەزی سەرەکی لە وێژەی منداڵاندا، هاوسەنگییەک پێکدەهێنن و پەیوەندییەکی بەهێزیان بە یەکترییەوە هەیە.
شێواز گرنگییەکی زۆری لە پێکهاتە ڕاستەقینە و مەتافوریکییەکاندا هەیە، بە تیشک خستنە سەر بیرۆکەکان و وێنەکێشانی کارەکتەرەکان و وێناکردنی ڕووداوەکان. هەر ناوەڕۆکێکی وێژەیی، چەندە ڕەسەن و باش و بەهێزبێت، گەر بە شێوازێکی جوان و ڕەسەن و ڕێک و چێژبەخش دانەڕێژرێت، ناتوانێت کاریگەری لەسەر منداڵان دروست بکات. چونکە شێوازی کاڵوکرچ و لاواز، ئاستی ناوەڕۆکی بەهێز دەهێنێتە خوارەوە. بە پێچەوانەشەوە، ناوەرۆکی لاواز و پووک و بێ بایەخ، لە ئاستی جوانی و هونەریی شێواز کەمدەکاتەوە. بۆیە دەوترێت، پێویستە وێژەی منداڵان لەسەر قاپێکی زێڕین پێشکەش بە منداڵان بکرێت.
ناشکرێت تایبەتمەندییەکی ستانداردی دیاریکراو بۆ شێوازی وێژەیی منداڵان دابنرێت. تا نووسەرانی ئەم بوارە پێوەی پابەندبن. چونکە بە زۆری سروشتی ناوەڕۆک، لایەنێک لە سروشتی شێواز دەسەپێنێت. بەهەر شێوەیەک بێت، پێویستە هاوکاری و یەکێتییەک لە نێوان ناوەڕۆک و ئەو شێوازەدا بدۆزینەوە، کە کۆڵەکەی جۆری وێژەیی پێکدەهێنێت. ئەمەش ڕێگری لە چوارچێوە گشتییەکان ناکات. لەوانەش، وێژەی منداڵان چیتر قسەی سواو و بێزراو و بێتام پێشکەش بە منداڵان ناکات، کە لێیان وەڕستبوونە، بۆیان دووبارە بکرێتەوە، باوێشک دەدەن و خەو دەیانباتەوە. بەڵکو شێوازی نوێی وێژەی نوێی منداڵان، زمانێکە منداڵان وریا دەکاتەوە و بە ئاگایان دەهێنێتەوە، توانای ورووژاندن و ڕابوونیان پێدە بەخشێت.
چیتر شێوازی وێژەی منداڵان، ئامرازێک نییە بۆ ترساندن و تۆقاندن، لە سزای دونیا و ڕۆژی دوایی و مەڵنەمووکەی گۆڕ و

خەو و دێوودرنج و جنۆکە و ئەژدیهای حەوت سەر و... هتد. ئەو شێوازەش بەسەرچوو، کە هۆش و ئەندێشەی منداڵان، بە وشەی زەق و ڕەق و بە ڕێنمایی ئاینی نالۆژیکی و ئامۆژگاریی تەڵقین ئاسایی و بە قسەی هەلەق و بەلەقی بێ بناما، مێشکی منداڵانی نەوەی ئەمڕۆمان بشێرنەوە. بەڵکو لە ئەمڕۆدا شێوازی وێژەی منداڵان بۆتە ئامرازێک بۆ دروستکردنی مروڤ لە ڕێگەی ڕواندنی بەها و ڕەشتە نایابەکانەوە. بۆتە ئامرازێک بۆ دەستەبەرکردنی خۆشی و شادی بۆ منداڵان. بە ڕەوینەوەی خەمۆکی و ڕەشبینی. بە بەخشینی هیوا و گەشبینی، بە دووپاتکردنەوەی بڕوا و متمانە بەخۆ بوونیان. لە میانەی داڕشتنێکی ڕەسەن و سەرنجڕاکێشدا. لە ڕێگەی زمانێکی دروست و ئاسان و شیرین و پاراودا.

منداڵان لە هەر ناوەڕۆکێکی وێژەیی نامۆ و نەگونجاوی دوور لە حەز و ئارەزوو و زمان و توانایان، لووتلادەبن و دەتۆرێن، گەر هەست بەوە بکەن بە سەریاندا سەپێنراوە. تەنانەت گەر شێوازێکی گونجاویشی هەبێت. ئەمەش ئەوە لە نووسەرانی وێژەی منداڵان دەخوازێت، کە لە شێوازی هەڵبەستنی ڕووداو یان زۆرکردنی ناوەڕۆکی پڕوپاگەندەیی و لە شێوازی داڕشتنی سوا و ئێکسپایەر دووربکەونەوە.

گەر بمانەوێت بە وردی، گرنگترین بنەما و تایبەتمەندییەکانی شێوازی دروستی وێژەی منداڵان پێناسە بکەین، دەڵێین: بریتییە لە خستنەڕووی بیرۆکەکان، بە شێوەیەکی وێژەیی ئەوتۆ دایانبڕێژین، کە منداڵان ئاڵۆز و ڕامان و دامان و بێزار نەکەن. بە وشەی سووک و ئاسان و شیرین و نەرم و نیان و یەک واتا و بە ڕستەی ناسک و کورت دایانبڕێژین. زیادەڕۆیی نەکەین و کورت پوختبن. بە پێی قۆناغەکانی گەشەی زمان و تواناکانی دەروونی و جەستەی و هۆشی منداڵان بن.

ناشبێت لە پێشکەشکردنی زانیارییەکاندا، زیادەڕۆیی لە ئاسانی و ساکاریدا بکرێت، ئەوەش ڕاست نییە کە نووسەرانی وێژەی منداڵان لە نووسینەکانیاندا، هەموو شتێک بەدەستەوە بدەن و هیچ بوارێک بۆ منداڵان نەهێڵنەوە بۆ بیرکردنەوە و بۆ هەڵهێنجاندنی مەبەست و بیرۆکەکانی بابەتەکانی نووسینەکانیان. یان وا بزانن کە منداڵان هێندە ساوێلکەن و هیچ نازانن. ئاسانیش لە شێوازی داڕشتنی بابەتەکان ئەوە ناگەیەنێت کە بە شێوازێکی بێ تام، یا بە شێوەی ڕاپۆرت ئاسایی ناوەڕۆکەکانی بابەتەکانیان دابڕێژن، کە منداڵان هیچ جوانییەکیان لێ نەبینن و چێژێکی وێژەییان لێوەرنەگرن هەست بە بێهێزیان و نەکەن و بزێ و خەندە نەخەنە سەر لێوەکانیان.

(جاکلین ساندەرز) دەڵێت:"با وێژەی منداڵان هەندێش ئاسان نەکرێتەوە، وابزانن منداڵان هیچ نین و هەست بە هیچ شتێک ناکەن..".
ئەو نووسەرەی وا بیربکاتەوە و نووسینەکانی بۆ منداڵان لەو بەئاستیدابن، ئەوە دەگەیەنێت کە بنەمایەکی سەرەکیی وێژەی منداڵانی ڕەتکردۆتەوە، کە بایەخدانە بە هێز و بە توانای بیرکردنەوەیان. نابەڵەدە و لە گەشەکردن و لە بەرەوپێشچوونی تواناکان و ئاستی ڕۆشنبیریی منداڵانی ئەمڕۆمان بێ ئاگایە و تێنەگەیشتووە.
بابەتی تازە و ناباو و داهێنان، گەورەکان و منداڵانیش دەورووژێنن. بەپێیە تازە بابەتی و تازە شێوازی، توخمەکی گرنگە لە وێژەی منداڵاندا. پێویستە بە شێوازەکی ناسک و شیرین و تازە ناوەرۆکەکان پێشکەش بە منداڵان بکەین. تا منداڵان هەست بە تازەگەری بکەن. چونکە منداڵان لە زۆر دووبارەکردنەوەی وشە و رستە و ستایلە سواوەکان بێزاربوونە و چێژ و خۆشیان لێوەرناگرن. رقەکی زۆریشیان لە قاڵبە وێژەییە چەقبەستووەکان هەیە.
نووسەری وێژەی منداڵان، پێش ئەوەی کە دەست بە نووسینی بابەتەکانی بکات، پێویستە ئەوە بزانێت کە بۆ منداڵان دەنووسێت نەک بۆ گەورەکان. نابێت خۆی رادات و بالادەستی و فانتازی خۆی دەربخات. چیی دەوێت و چۆنی دەوێت، بە هەوەس و میزاجی خۆی بنووسێت. با ئەم پرسیارانە لە خۆی بپرسێت: بۆ کێ دەنووسم؟ ئەوانەی بۆیان دەنووسم لە چ قۆناغێکی تەمەنیان دان؟ تایبەتمەندییەکانی منداڵان لەم قۆناغەدا چین؟ شێوازی داڕشتن بە منداڵانی ئەم قۆناغە پێویستە چۆن بێت؟
گەر نووسەری وێژەی منداڵان وەڵامی ئەو پرسیارانەی نەزانێت، نابەڵەدە و ناتوانێت بە پێی قۆناغەکانی منداڵی، بیرۆکەیەکی باش و کارەکتەرەکان و شێواز و زمانەکی شیرین هەڵبژێرێت و بابەتەکی وێژەیی گونجاو بۆ منداڵان بنووسێت. بۆیە پێویستە نووسەرانی وێژەی منداڵان، شارەزای قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵان بن. لە رووی هۆشی و دەروونی و جەستەیی و توانای فێربوون و وەرگرتن و بەکردنی خەیاڵیان و فەرهەنگی وشە و رستەکانی زمانیان و ئاستی ڕۆشنبیریی گشتییان و ژینگەکەیان.

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی شێوازی وێژەی منداڵان

بە کورتی و بە سفتی، باس لەم سێ تایبەتمەندییەی شێوازی وێژەی

منداڵان دەکەین، کە بریتین لە: روونی، بەهێزی، جوانی:
١ـ روونی: روونی شێواز و ئاسانی، لە روونی بابەتی پێکهاتە زمانییەکان و لە بەستنەوەیان بە یەکترییەوە و لە روونی بیرۆکەکان دایە. هەموو ناڕوونی و تەم و موژ و ئاڵۆزییەک لەم لایەنەدا هەبێت، بابەتی وێژەیی دەشێوێنێت و تێکی دەدات، هەمیشەش راستییەکان جوانترن. تا دەربڕینەکان ئاسان بێت، کاریگەرییەکی زیاتر و قووڵتریان دەبێت. پێویستە وشەکان ئاسان و بیستراوبن، قورس نەبن و لە فەرهەنگی زمانی منداڵانەوە وەربگیرێن. رستەکانیش کورت و ئاسانبن و تێکهەڵکێش نەبن.
٢ـ بەهێزی: بەهێزی شێواز، لە ڕێی ئەو هاندەرانەوە پیشان دەرێت، کە هەستەکانی منداڵان بە ئاگا دەهێننەوە و هۆش و ئەندێشەیان دەبزوێنن، بە تەڵامان و هاوسۆزی هانیان دەدەن. بێجگە لەوەش جوانی بە بیرۆکەی بابەتەکە دەبەخشێت.
٣ـ جوانی: جوانی پێکەوە گونجاندنی نێوان شێواز و بیرۆکەکانە. چونکە بیرۆکە جیاوازەکان، پێویستیان بە دەربڕینی جیاواز هەیە. جوانی هەموو لایەنەکانی ناوەڕۆک و فۆرمی بابەتەکان دەگرێتەوە. بێجگە لەوەی کە جوانی شێواز لەگەڵ توانای وێژەیی و سۆزدارییە دەروونییەکانی منداڵاندا دەگونجێت.
زمانیش لە بابەتەکانی وێژەی منداڵاندا، زۆر گرنگە و ئامرازی دەربڕین و نووسینە. هەموو نووسەرانی وێژەی منداڵان، هاوڕان لە بەکارهێنانی زمانێکی پەتی و روون و ئاسان و شیرین، بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵان و گەشەکردنی هزر و زمانیان. تا منداڵان لێیان تێبگەن، کە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکەی ئەو بابەتە وێژەییانەی کە بۆ خوێندنەوە و سوودوەرگرتن لە بەردەستیان دایە.
پێویستە بە تەنیاش پشت بە فەرهەنگی زمانی منداڵان نەبەستین، چونکە منداڵان لە پاڵ فەرهەنگی زمانیان، فەرهەنگی هەستکردنیان هەیە. منداڵان لە دەرەوەی فەرهەنگی زمانیان کە قسەی پێدەکەن، توانای تێگەیشتنی وشە و دەستەواژە و رستەی تریان هەیە. لە کۆتاییدا، دەڵێین پێویستە شێواز لە وێژەی منداڵاندا، سووک و ئاسان بێت. بە شێوەیەک هەر بڕگەیەکی، جوانی و زەردەخەنە بە بیرۆکەکەی ببەخشن. پێویستە هەڵە رێنووسی و رێزمانییەکانی نووسینەکانمان بژار بکەین، تا ئەو هەڵانە لە لای منداڵان نەچەسپێن. ناشبێت بە شێوە زمانی ناوچەیی و گشتی بنووسین. وشەی بێگانەش تەنیا لە کاتی زۆر

پ□ویست و ناچاریدا ن□ب□ت، ب□کاری ن□ه□نین.

ر□زا شوان
ن□رویج: ٢٠٢٣

پیاو□تیم د□□ژ□ت□ ن□و س□ب□رت□و□.. نا□□ ح□س□ن

١
ز□م□ن د□□واو
پیاو□تیم د□□ژ□ت□ ن□و س□ب□رت□و□
دیوار□ک ل□نیوانمان قس□ د□کات
ج□نگاو□ر□ک
ل□ن□و س□نگ□ر□کانی مردن□و□
فیش□ک ب□ ئاگر□و□ د□ن□
٢
ز□م□ن د□□واو
خ□ر□تاوی خ□ون□کانم
د□□ژ□ت□ ن□و چاو□کانت□و□
کیشو□ر□ک ل□نیوانمان قس□ د□کات
شاعیر□ک
ل□ن□و ما□ی ت□نیایی□و□
ب□ □□نووس□کانی تاریکی
ق□سید□ در□ژ□کانی ع□شق د□نووس□ت□و□
٣
چیتر ل□ دوور□و□ س□یرم م□ک□
و□ر□
جل□ شین□کانی مردنم ل□ب□ر داک□ن□
ل□ژ□ر بارانی خ□ش□ویستی
س□مای□کی س□رنادایم ل□گ□□ دا ب□ست□
ب□ ت□نها جار□کیش بیت
ب□ زمانی ع□شق بم لاوین□و□

٤

عەشق / پەنجەرەیەک لە مندایە
خەون / قاچەکانم لە سروود گوتن نەکەوتوون
مانگەکی سپی لەنیو شەوەکانم دەردەکەوێ
ئەستێرە مییەنەکانیش بۆ کەمێک بەدوامەوە نوێژ دەکەن
تۆش دەستم بگرە و پێمکە لە خەت

٥

سەفەر / تووڕەگییەک لە نائومێدی
پایز / ماڵێک بۆ ئاشتبوونەوە
شکانی ئاوینەکانی ئومێد
هەور پڕبووە لە چیرۆکەکانی چاوەڕوانی
ڕەشەبا / ڕەش ڕەش تابلۆکانی تەمەنمان ڕەنگ دەکات
تۆش لەنێو جانتای خەونەکانت بۆ ئەبەد زیندانیم کە
لەمگۆڕەی با وەک هەمیشە بەژێمە نێو جەگەڵەی کچێنیتەوە

ئایاری ٢٠٢٣

خەندە و گریان.. عەلی سیرینی

ئێستا دەی من و تۆ وەکو پەروانەو شەم
لە من فەین و لە تۆ بەڕەسە
لە تۆ خەندە و لە من خەم
لە تۆ ئاگر و لە من سوتان
لە تۆ زیاد و لە من کەم
لە تۆ زستان و لە من تەم
تۆ زین و من مەم
لای تۆ لار و لەنجەی ناز
لای من برینی دەماودەم
لای تۆ گوڵان سەر دەردەنن تەك تەك
لای من خەزانی پاییزە
مردنی گوڵ و لاولاو و مەخەك
لای تۆ سەفەری سپیی و گوڵ و گوڵزار
لای من تنۆك تنۆك ڕژانی خوێنی دڵدار

لای ت□ پ□ک□نین و خ□ن□ب□ندان
لای من گ□ش□گیریی و گریان
لای ت□ ژیان و لای من مردن□کی ناد□م
منت کرد ب□ د□وان□ و
ت□ش ب□ من بوی ب□ ش□م

ع□لی سیرینی